# ئاستی گۆڕەپان و مەیدان لـــ

## ڕۆژین محەممەد یاریزانی تیپی گـــ



سنووری زاخۆ لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان خاوەن کۆمەڵێک یاریزانانی بەتوانایە لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان لەو شارە گرنگیی زۆر بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان دەدرێت و لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش چەندین یاریزانی بەتوانا لەم شارە پێشەنگی یاریزانانی کوردستانیان گرتووە، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانیش ڕۆژین محەممەدە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری زاخۆی سەربە پارێزگای دهۆکە و ماوەیەکی زۆریش یاری لە یانەی زاخۆ وەرزشی کردووە، ئێستاش چۆتە ریزی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و چەندین ئەنجامی بەرچاویشی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەدەستهێناوە، لە دوایین پاڵەوانەیەتیش لە شاری بەغداد لە هەفتەی ڕابردوو پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، ئێمەش بۆ ئاگاداربوون لە ژیانی وەرزشیی ئەو وەرزشوانە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.

*** لە نێوان ئەم هەموو یارییە چۆن بوو بە یاری گۆڕەپان و مەیدان ئاشنا بوویت؟**

- من وەکو یاریزانێك ئاستی خۆم لەم یارییە باشتر دەبینی لە ناو هەموو یارییەکان، دەمزانی ئاستم شایستە دەبێت و ماندووبوونم بە هەدەر ناڕوات، بۆیە ئەم یارییەم هەڵبژارد.

*** ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدان لەسەرئاستی کوردستان بە گشتی چۆن دەبینی؟**

- ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان باش نییە، تەنیا شاری سلێمانی کەمێك باشترە لەچاو شارەکانی دیکە، بۆیە پێویستە لە سەرجەم شارەکانی کوردستان گرنگیی زیاتری پێ بدرێت.

*** ئەی لە شاری زاخۆ لە چ ئاستێکدا دەیبینی، کە زاخۆ هەموو کات خاوەن یاریزانانی بەتوانا بووەو کێبڕکێیان لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە کردووە؟**

- زاخۆ خاوەنی یاریزانی زۆر باشە لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵام بەداخەوە لە شاری زاخۆ تەنیا گرنگی بە تۆپی پێی دەدرێت، بەتایبەتی یاریزانانی عەرەبیش، ئەوە کێشەیە و دەبێت گرنگی بە هەموو جۆرە وەرزشێك بدرێت.

*** بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم یارییە لە کوردستان بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز، پێت باشە چی بکرێت؟**

## ـــــــــۆڕەپان و مەیدانی یانەی پێشمەرگە:

# ـــــــە شارەکانی کوردستان باش نییە



- ئەم کارە پێوەندی بە کەسانی بەرپرسەوە هەیە بۆ ئەوەی گرنگیی زیاتر بەم یارییە بدەن، دەبێ قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان و یاریگای تایبەت و هاندانی یاریزانان زیاتر بکرێت.

*** کێشەو گرفتەکانی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- گرفتی ئەم یارییە ئەوەیە کە لە کوردستان گرنگی نادرێت بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، ئەم قەیرانە داراییەی ئێستاش کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر ئاستی یاریزانان، ماوەی سێ ساڵە هیچ پاڵەوانێتییەك ئەنجام نەدراوە لە کوردستان، ئەوەش گرفتە بۆ یاریزانان.

*** لە خێزانەکەت هیچ کەسێکتان وەرزشوانە؟**

- بەتەنیا من وەرزشکارم لە خانەوادەکەم.

*** باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان چی بوون؟**

- باشترین یاریزان بووم ئەمساڵ و ئاستێکی بەرزم پێشکەش کردووە، بەتایبەتی لە راکردنی ١٠٠م و ٤٠٠مەتری.

*** خانەوادەکەت لە وەرزش کردن ڕێگرێت لێ ناکەن؟**

- نەخێر، بە پێچەوانەوە زۆریش هاوکارمن .

*** هیواو ئاواتت وەکو وەرزشکارێك چییە؟**

- لە ئێستادا خولیام بۆ وەرزش نەماوە، چونکە ماوەیەکی زۆرە لە خزمەتی وەرزشی دام و هیچ داوڕۆژێکی نییە، تەنیا هیوای من ئەوەیە لە داهاتوو خزمەتی سەربازی بکەم.

*** وەرزش چی پێ بەخشیوی و چی لێت ستاندۆتەوە؟**

- وەرزش زۆر شتی بەمن بەخشیوە، بەڵام خوێندنی لەمن ستاندووە، ئێستا دەستم بە خوێندن کردۆتەوە و قوتابیم.

*** جگە لە یاری گۆڕەپان و مەیدان چ یارییەکی دیکە ئەنجام دەدەی؟**

- زۆر حەزم لە یاری باسکەیە.

*** یانەی پێشمەرگە چۆن هاوکاریتان دەکات؟**

- پێشمەرگەی سلێمانی هاوکاری تەواومان دەکات، بەهیوای ئەوەین یانەکانی دیکەش گرنگی بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان بدەن.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە ئەوان بەردەوام لە خزمەتی وەرزشکارانن لە شارەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی، بەهیوای ئەوەم وەرزشی گۆڕەپان و مەیدانیش خزمەتی زیاتری بکرێت.

دیمانە: کارزان کانەبی

# کوڕە لەبیرکراوەکەی ئارسناڵ نزیکە لە گەڕانەوە



یانەی ئارسناڵ کە هەمیشە بەدەست پێکانی درێژخایەنی یاریزانەکانییەوە دەناڵێنێت، ئێستا نزیکە لە سوود وەرگرتن لە خزمەتەکانی یاریزانێکی لەبیرکراو. کارل یەنکسن بەرگریکاری باڵی راستی گەنەرز دوایین یاری خۆی لە کۆتا رۆژی وەرزی ٢٠١٣-٢٠١٤ ئەنجامدا، واتە دوو ساڵ لەمەوبەر. دواتر بە خواستن روویکردە وێستهام و لەو یانەیە تووشی پێکان هات. بەوەش خواستنەوەکەی هەڵوەشایەوە و لەو ساتەوە چاوەڕێی چاک بوونەوەی بوو لە پێکانەکەی. دوایین هەواڵەکان ئاماژە بەوەدەکەن کارلی ٢٤ ساڵ دەگەڕێتەوە مەشقە ئاساییەکانی یانەکە . هەرچەندە زەحمەتە پێگەی خۆی لە پێکهاتەی یانەکە بەدەست بهێنێتەوە بەهۆی ئاستە بەرزەکەی هێکتەر بیلیرین.

لە ئێستادا هەریەک لە کۆکەلین، وێلبێک، مێرتاساکەر وە رامسی پێکانیان هەیە.

# هەوڵەکانی چێڵسی بۆ کڕینی بەرگریکار بەردەوامە

# خیتافی راهێنەرەکەی دوورخستەوە






ئەنجامە خراپەکانی ئەم دواییەی یانەی چێڵسی ئینگلیزیی بە ڕاهێنەرایەتی ئەنتۆنیۆ کۆنتی ئیتاڵی، نائومێدی لای هاندەر و هەوادار و تەنانەت خودی کۆنتیش دروست کردووە، بە تایبەت خراپی ئاستی هێڵی بەرگری.

یانەی بلووز ئەگەرچی بە هێنانەوەی داڤید لویز لە پاریس سان جێرمان و کڕینی مارکۆ ئەلۆنسۆی بەرگریکار، زۆرترین پرۆژەکانی بازاڕی هاوینەی بە بیرکردنەوە لە کڕینی بەرگریکار تەرخان کردبوو، دیارە هێشتا ئارەزووی لە کڕینی بەرگریکاری نوێیە، بەوپێیەی جۆن تێری کاپتنی بەردەوام پێکانی هەیە.

ڕۆژنامەی زە میرەر هەواڵەکەی گواستۆتەوە و باسی لەوەیش کردووە کە یانە لەندەنییەکە بڕی ٢٥ ملیۆن پاوەندی بۆ کڕینی ئەو بەرگریکارە ٢٣ ساڵە ئینگلیزییەکە ئامادە کردووە و بۆ شوێن گرتنەوەی جۆن تێری کاپتنێتی.


پێشتریش لە بازاڕی هاوینەدا یانەی لیستەر سیتی ١٥ میلۆن پاوەندی بۆ ئەم بەرگریکارە دابوو، بەڵام یانەی بێرنلی ئەو بڕەپارەیەی ڕەت کردەوە.



یانەی خیتافی ئیسپانی راهێنەر خوان ئیسنایدەری لە پۆستەکەی دوورخستەوە.

خیتافی وەرزی رابردوو ماڵئاوایی لە لالیگا کرد و دابەزی بۆ ریزی پلە دوو، لەو خولەشدا ئەو یانەیە بە سەرەتایەکی خراپدا تێدەپەڕێت لە پلەی ٢١هەمدایە.

سەرەنجام بەرپرسانی یانەکە بڕیاری دوورخستنەوەی خوان یاندا کە ئەم هەفتەیە لە یاریگای خۆیدا ٢-٠ دۆڕا بە گیرۆنا و لە ٧ یاری تەنها یەک بردنەوەی هەیە.



# سام ئالاردیس لە پۆستی راهێنەرایەتی ئینگلتەرا دوورخرایەوە

سەرەنجام یەکێتی تۆپی پێی ئینگلتەرا بڕیاری دوورخستنەوەی سامی ئالاردیسی راهێنەری دا دوای تەنها ٦٧ رۆژ لەو پۆستەدا.

رۆژنامەی تیلیگرافی بەریتانی لە ئەنجامی بەدواداچوونێکی خۆی ئاشکریکرد کە تێیدا سام ئالاردیسی راهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا مامەڵەی بازرگانی بە گواستنەوەی یاریزانان دەکات لە شێوازی بەرتیل.

رۆژنامەکە دەڵێت ١٠ مانگ لەمەوپێش لێکۆڵینەوەیان لەوە کردووە کە هەندێک لە بەرپرسانی تۆپی پێی ئینگلتەرا بەشێوەی نایاسایی مامەڵەی بازرگانی دەکەن بە سوود وەرگرتن لە پۆستە وەرزشییەکانیان.

تیلگراف دوو رۆژنامەنووسی خۆی وەکو بازرگان ناردووەتە لای سام و تێیدا ناوبراو مامەڵەی گرێبەستێکی ٤٠٠ هەزار پاوەندیان لەگەڵ دەکات. هەروەها باسی ئەوەیان بۆ دەکات کە چۆن فێڵی یاسایی لە یەکێتی تۆپی پێی ئینگلیزی بکەن.

بەرپرسانی تۆپی پێی ئەو وڵاتە کۆبوونەوەیەکی بەپەلەیان ئەنجامدا و راگەیەندرا دوای تەنیا دوو مانگ لە دەست بەکاربوونی دوور دەخرێتەوە.

ئالاردیس تەنیا بۆ یەک یاری راهێنەری هەڵبژاردەی سێ شێرەکە بوو کە تێیدا بە گۆڵێکی بێ وەڵام سەرکەوتنی بەسەر سلۆڤاکیا بەدەست هێنا لە پاڵاوتنەکانی جامی جیهانی.

# پاڵەوانی وەرزی رابردوو خۆی ئامادە دەکات

هەولێری پاڵەوانی وەرزی رابردووی خولی نایابی یانەکانی کوردستان کە بە پێکهاتەیەکی خولی کوردستانی تێکەڵ بە خولی عێراق، توانییان نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستانی ببەنەوە، سەرەرای ئەوەی کە یانەی هەولێر دەستپێکی مەشقەکانی تیپەکەی تازە دیاری کردووە بۆ ئامادەکاری لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بە پێچەوانەی ئەوانیش یانەکانی دیکەی بەشدار لە خولی کوردستان دەمێکە دەستیان بە ئامادەکارییەکان کردووە. لە ئێستادا یانەی هەولێر ژمارەیەك یاریزانی خولی کوردستانی بردۆتەوە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، هەر لەم بارەیەوە شوان ئەنوەر یاریدەدەری راهێنەری یانەی هەولێر لە خولی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە وەکو دەستەی راهێنەران مانەوەمان راگەیاندووە لەیانەی هەولێرو پابەند



## سەرۆکی یانەی وەرزشیی زێرەڤانی: دەمانەوێ هەیبەت و شکۆی یانەکە بگەڕێنینەوە



ماوەی دوو وەرزە یانەی وەرزشیی زێرەڤانی دوورە لە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، سەرەرای ئەوەی تیپەکە ساڵانە برە پارەیەکی زۆر لە تیپی تۆپی پێی خولی کوردستان سەرف دەکات بۆ ئەوەی ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێ، ئەم وەرزەش جیا لە وەرزەکانی دی، زێرەڤانی پەنای بۆ گواردیۆلاکەی هەولێر و ستافەکەی بردووە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە لەخولی نایاب، یانەکەش گرێبەستی لەگەڵ چەندین یاریزانی بەتوانا مۆرکردووە لەسەر ئاستی کوردستان، لەم بارەشەوە عەبدولخالق حەسەن سەرۆکی یانەی وەرزشیی زێرەڤانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان دەست پێکردووە بۆ وەرزی نوێ خولی نایابی کوردستان دوای ئەوەی ستافی تازەی راهێنەری تیپەکەمان دەست بەرکاربووون، ژمارەیەك یاریزانی بەتوانامان هێناوەتە ریزی یانەکەمان، لەگەڵ یاریزانێکی پیشەگەر و بەم یاریزانانە رۆژانە خەریکی ئامادەکارییەکانین و بەنیازی ئەوەشین کەمپێکی مەشقی و راهێنان لە وڵاتی تورکیا رێکبخەین، ئەگەر گرفتی پێدانی فیزامان چارەسەرکرد، ئەوکات دەست بەم کارە دەکەین و بۆ ماوەیەك لە تورکیا کەمپێکی راهێنانی دەکەینەوە، ئەم وەرزەش هەر وەکو وەرزی رابردوو پارەمان سەرف کردووە و گرێبەستمان کردووە، بەڵام ئێستا خۆتان دەزانن قەیرانی داراییە و یاریزانەکانیش نرخیان هەرزان بووە، ئەگەر پێشووتر بە ٣٠ملیۆن یاری بکردایە، ئێستا بە ١٥و بە ٢٠یاری دەکات، ئێمەش وەکو هەموو تیپەکان گرفتی داراییمان هەیەو نازانین روو لە کێ بکەین بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانمان، تاکو ئێستاش نزیکەی ٣٥٠بۆ٤٠٠ملیۆن دینارمان سەرف کردووە.» لە رووی کۆمەڵەکانیش کە ئەمساڵ زێرەڤانی کەوتۆتە کۆمەڵەیەکی بەهێزەوە عەبدولخالق گوتی: «هەندێك شت هەیە چانسەو چاوەڕێی ئەوە نەبووین، بکەوینە ئەم گرووپە بەهێزەوە کە کۆمەڵەیەکی گرانە، بریا بە شێوەیەکی خول بووایە، بەڵام متمانەمان بە خۆمان هەیە کە بتوانین شتێك بە شتێك بکەین، بەڵام لە رووی زانستییەوە ئەم شێوە هەڵبژاردنە هیچ عەدالەتێکی تێدا نەبووە، چون دەبێ کۆمەڵەیەك زۆر بەهێز و کۆمەڵەیەك بێ هێز بێت؟ بەهیوای ئەوەین بتوانین ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنین.



# پێشمەرگەی سلێمانی چاوی لە خولی نایابە



پێشمەرگەی سلێمانی ماوەی دوو ساڵە هەموو هەوڵێك دەدات تەنیا بۆ سەرکەوتنەوەی بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان بۆ ئەوەی شان بە شانی یانە گەورەکانی کوردستان بجەنگێ لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان و جارێکی دی گەورەیی ساڵانی پێشووی تیپەکەی بگەڕێنێتەوە، بەڵام نەیتوانیوە ئەو خەونەی کارگێڕانی تیپەکە بێنێتەدی، ئەمساڵیش جارێکی دی یانەکە بەختی خۆی لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان تاقی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە خولە گەورەکە، لەم بارەشەوە ئەرسەلان جەلال راهێنەری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەموو هەوڵێکمان لەم وەرزە سەرکەوتنە بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، چونکە باری دارایی تیپەکەمان لە رووی یاریگاو یاریزانان و پێداویستییەوە باشترە لە هەندێك یانەی دیکە، بۆیە ئەم بارەمان بۆ رەخساوە بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە خولی نایاب، ئەرسەلان گوتیشی: «قسەمان لەگەڵ چەندین یاریزان کردووە بۆ ئەوەی پێوەندی بە یانەی پێشمەرگەی سلێمانییەوەبکەن و لەم هەفتەیە وەڵامی کۆتاییمان دەدەنەوە، نامانەوێ جارێ ناوی کەسیان ئاشکرا بکەین لە بەر پێنەدانی مۆڵەتی گواستنەوە، بۆیە کارەکانمان بە نهێنی کردووە، هەتا ئەوەشمان ئاشکرا کردووە کەوا هەندێك لە یاریزانەکان بە ئاڵوگۆڕ دەبەینە ریزی تیپەکەمان تەنیا بۆ ئاسانکاری ئەو یاریزانانەی روو لە یانەکەمان دەکەن، ئەو یاریزانانەش هەندێکیان لە ناو سلێمانین و هەندێکیان لە دەرەوەی شارەکەن، هەندێك یاریزانمان دیاری کردووە لە شاری هەولێر و دهۆکن، بەڵام ئەوان دەیانەوێ گرفتی پێدانی مۆڵەتەکەیان تەواوبکەن بۆ ئەوەی پەیوەندی بە پێشمەرگەوە بکەن.» لەبارەی گرفتی تیپەکەش ئەرسەلان گوتی: «کێشەمان نییە، بەڵام قەیرانیش هەیەو پێشمەرگەش وەکو هەموو یانەکانی کوردستان گرفتی هەیە، بەهیوای ئەوەی بتوانین ئەم وەرزە شتێك بە شتێك بکەین و ئیدارەش پاڵپشتیمان دەکات.

«ئێمە وەکو ستافی راهێنەران خۆمان بە مەغدوور دەزانین دەبین بە بڕیاری خۆمان، بەڵام خۆشتان دەزانن ئەم قەیرانە کاریگەری زۆری کردۆتە سەر تیپەکەمان، بڕیاریشە وەکو دەستەی راهێنەران کۆبوونەوە بکەین، بۆ ئەوەی چ بەرنامەیەکمان هەیە لەم بارودۆخە ناهەموارە تاوتوێی بکەین. ئێمە ماوەی چوار مانگە هیچ مووچەیەکمان لە یانەی هەولێر وەرنەگرتووە، لە وەتەی خولی نایابی کوردستان کۆتایی هاتووە یانەی هەولێر یەك دیناری وەکو مووچە نەداوەتە ئێمە وەکو ستافی راهێنەران، پێشمان گوتوون، دەڵێن کێشەی داراییمان هەیە. لە کۆبوونەوەشمان لەگەڵ ئیدارەی یانە ئەوەیان بە ئێمە گوتووە کە دوو ملیۆن دینار وەکو دیاری بیدەن بە راهێنەر و ئێمەش وەکو یاریدەدەران یەك ملیۆن وەربگرین، تاکو ئێستا ئەوەشمان وەرنەگرتووە.» گوتیشی: «کە دوای ئەوەی بووینە پاڵەوانیش، کەسێك ئاوڕی لێ نەداینەوە، لە پاش یەکەم بوون چ پلەیەك هەیە ئێمە بەدەستی بهێنین؟ هەر دەبوایە کارگێڕی یانە شتێکیان بۆ ئێمە بکردبایە، چونکە یاریزانەکان ئەگەر مووچەشیان وەرنەگرتووە، بەڵام نیوەی گرێبەستەکانیان وەرگرتووە.» لە بارەی ئامادەکاریی تیپەکەش شوان گوتی: «زۆر زۆر دواکەوتووین لە دەستپێکی ئامادەکارییەکانمان، بەڵام دەستمان بە مەشقەکان کردووەو دەست بە کۆکردنەوەی یاریزانان دەکەین، بەڵام بەنیازین پێکهاتەیەکی لاو دیاری بکەین لە یاریزانانی تیپی لاوان و لەگەڵ چەند یاریزانێکی دی، بەهیوای ئەوەین گرفتەکانمان چارەسەر بکرێت و ئێمەش بتوانین بۆ یانەی وەرزشیی هەولێر کارێکی باش ئەنجام بدەین.